# ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان وچەند پەند وئامۆژگارێیک

[ کردي – کوردی – kurdish ]

نوسینی : زاگرۆس هەموەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( صوم رمضان دروس وعبر )

« باللغة الكوردية »

الكاتب : زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان وچەند پەند وئامۆژگارێک

ئازیزان جارێکی تر خوای گەورە دەرفەتی پێبەخشین کەبگەینەوە بەمانگی پیرۆزی ڕەمەزان، مانگی کۆشش وپڕکردنی توێشەبەرە بەتوێشووی تەقوا وخواناسین، مانگی بەرەکەت وسۆز ومیهرەبانی، مانگی دابەزینی قورئان وئارامی دڵان .

لەم بابەتەماندا هەوڵدەدەین بەیارمەتی خوای گەورە ومیهرەبان هەندێك لەپەند وئامۆژگاریەکانی ئەم مانگە پیرۆزە بخەینە ڕوو تاوەکو بتوانین زیاتر شارەزای نهێنی وحیکمەتەکانی ببین، نەوەك هەروا بەسادەیی وسەرپێی بەسەرماندا تێپەڕ ببێت بەبێ ئەوەی بەقازانج و سودێکەوە خوا حافیزی لێ بکەین .

**یەکەم :** گەورەترین حیکمەت وپەند کەئێمەی باوەڕدار لەم مانگەپیرۆزەی وەربگرین، ئەوەتێبگەین مانگی ڕەمەزان مانگی تەقوا وخواناسینە، نەك مانگی خەو وئیسراحەت وگەدە تێر کردن بێت، وەك خوای گەورەدەفەرموێت : **( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ )** { البقرة : ١٨٣ } واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان فەرز وپێویست کراوە، هەروەك لەسەر گەلانی پێش ئێوە فەرز وپێویست کرابوو، لەبەر ئەوەی تەقوای خواتان هەبێت وخواناس وپارێزکاربن .

کەواتە گەورەترین حیکمەت لەفەرزکردنی ڕۆژووی ڕەمەزان ئەوەیە باوەڕداران فێری تەقواو وخواناسین ببن لێوەی، تەقواش وەك زانایان وزاهیدانی ئومەتی ئیسلام پێناسەیان کردوەبریتی یەلە: ( الخوف من الجليل، والعمل بالتنزيل، والاستعداد ليوم الرحيل ) واتە: ترسان لەخوای گەورەو کارکردن بەقورئانی پیرۆز وخۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژەی کەمردن یەخەمان پێ دەگرێت ودەگەڕێینەوە بەر دەستی پەروەردگاری باڵادەست .

هەرکەسێکیش بەم تێگەشتنەوە لەگەڵ ڕەمەزاندا بژێت بێگومان ڕۆژووەکەی کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانە وڕەنگدانەوەی لەکاروبارەکانیدا، چونکە باوەڕدار هەمیشە خوای گەورە بەچاودێری خۆی دەزانێت .

**دووەم :** مانگی ڕەمەزان قوتابخانەیەکە باوەڕداران فێری صەبر وئارامگرتن دەکات، ئەو کەسەی کەلەسپێدەی بەیانیەوە هەتا ڕۆژئاوا بوون لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خۆی دەگرێتەوە لەهەرچی خۆشی ومەلاذاتی دونیا هەیە، هەر لەبەر پەروەردگاری باڵادەست خۆی تینو وبرسی دەکات، بەمەش دەرون ونەفسی باوەڕدار فێری صەبر وئارامگرتن وسەرکەوتن دەکات بەسەر نەهامەتی و نەبونیەکانی ژیاندا .

**سێیەم :** مانگی ڕەمەزان مانگی تەزکیەی نەفس وپاك کردنەوەی دڵ ودەروونە لەپیسی وژەنگی گوناهـ وتاوان ونزیك بوونەوە لەپەروەردگار، هەر لەبەر ئەم مەبەستە گەورەیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەفەرموێت : " من لم يدعْ قولَ الزور والعمل به والجهل، فليس لله حاجة أن يدعَ طعامَهُ وشرابه " { رواه البخاري } واتە: هەر ڕۆژوەوانێك خۆی نەگرێتەوە لەدرۆ وبوهتان و کار وکردەوە وقسەی نابەجێ، ئەوە خوای گەورە هیچ پێویستی بەوەنیە ئەو کەسەواز لەخواردن وخواردنەوەکەی بهێنێت .

کەواتە گرنگی ڕۆژوو لەپاك کردنەوەی دەرون وکاروکردەوەمانە لەخراپە وخراپەکاری، نەك لەخۆ برسی کردن وتینو بوونمان .

**چوارەم :** لەم مانگە پیرۆزەوە فێری هیمەتی بەرز ونەپساوە دەبین کاتێك کەتینوت دەبێت یان گەرمات دەبێت، تینوی وگەرمای ڕۆژی مەحشەر بهێنەوە بیر خۆت، کە ڕۆژێکە هیچ شتێك فریات ناکەوێت ونایەت بەدەمتەوە کاروکردەوەی خۆت نەبێت، لەسەروو هەمویانەوە ڕۆژوەکەی مانگی ڕەمەزانت کەلەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە تەحەمولی تینوێتی وبرسێتیت کردوە، ئومێد وایە ئەو ڕۆژوەوانانەی کە لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگاری باڵادەست خۆیان تینو کردوە لەو ڕۆژە گەرمایەی کەبەدەقی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری خوا ڕۆژ بەئەندازەی تەنها میلێك لەمرۆڤەکانەوە دوورە، تینویان نەبێت وخوای گەورە لەدەرگای ( الريان ) هوە بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات، إن شاء الله .

**پێنجەم :** ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فێری هاوکاری وهاریکاری نێوان یەکترمان دەکات، ئەو باوەڕدارەی کەبەدرێژای دوانزەمانگەی ساڵ ئەگەر جارێك بەبیریدا نەهاتبێت کۆمەڵێك باوەڕدار وبرای هەن لەشوێنە جیاجیاکانی دونیا کەبرسیانەو زۆرێکیان ناتوانن پاروی ڕۆژانەیان دابین بکەن لەبەر هەژاری ونەداری ونەبوونی، ئەو کاتە تێدەگات لەژان وناڕەحەتیەکانی ئەوان

وهەست دەكات كەئەم لەنازو نیعمەتی خوای گەورەدایە، بۆیە پێویستە لەسەری دەستی یارمەتی وهاریكاریان بۆ درێژ بكات وئەو كاتە بەتەواوەتی تێ دەگات لـەو فەرمـوودەیەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە سولم ) كەدەفەرموێت : " لیس المؤمن الذی یشبع وجاره جائع إلی جنبه " { حدیث صحیح سلسلة الاحادیث الصحیحة للشیخ ناصر الدین الالباني بەرگی یەكەم / لاپەڕە٢٧٨} واتە: باوەڕی نیە ئەو كەسەی خۆی شەو بەتێری بنوێت ودراوسێكەی بن دەستی برسی بێت .

**شەشەم :** مانگی ڕەمەزان مانگی تەوبەیە، هەموو لایەك فێری تەوبەكردن وگەڕانەوە دەكات بۆ لای خوای گەورە، چونكە هەلی گونجاو دەرخسێت بۆ گوناهباران كەبگەڕێنەوە بۆلای خودا و واز بهێنن لەوەی كەپێشتر لەسەری بوون، لەبەر ئەوەی لەم مانگە پیرۆزەدا، شەیتانەكان دەبەسترێنەوە، وەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " إذا دَخَلَ شهرُ رمضانَ فُتِحَتْ أبوابُ الجنَّة وغُلِقَتْ أبوابُ جَهَنَم وَسُلسِلَتِ الشیاطِین " { رواه البخاري ومسلم وأحمد والنسائي } واتە: كاتێك مانگی ڕەمەزان هات دەرگاكانی بەهەشت دەكرێنەوە ودەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن وشەیتانەكانیش كۆت وبەند دەكرێن .

دیسان ئەبێت ئەوەش بزانین مانگی ڕەمەزان وێستگەیەكە بۆ نوێ كردنەوەی ئیمان وباوەڕەكەمان، ئەو ژەنگ وژارەی بەهۆی گوناهـ وتاوانی یازدەمانگەوە لێیی نیشتوە، باوەڕدار جارێكی تر بەخوا ناسین وتەقوای ئەم مانگە پیرۆزەوە پاكیان دەكاتەوە بەڵێن نوێ دەكاتەوە لەگەڵ پەروەردگاریدا كەجارێكی تر نەگەڕێتەوە سەر ئەو تاوان وگوناهانانەی كەكردونی لەڕابردودا .

لەخوای گەورەی باڵادەست دەپاڕێینەوە بمان گێرێت بەتەوبەكارانی ئەم مانگە پیرۆزە ولەگوناهی هەموو لایەكمان خۆش بێت وئەم پەند وئامۆژگاریانەش لەبەرچاو بگرین .

والسلام علیكم ورحمة الله وبركاته .